# ڕێگای دیکه نیه جگه له هەنگاونا نمان بۆ پێشەوە

## ووتەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق له لایەن" سامان کەریم" ەوە له کۆنکرەی دووەمی حزبی حیکمەتیستدا

**هاورییانی خۆشەویست نوێنەرانی کۆنگرە**
**ئامادەبوانی خۆشەویست**
**سلاوتان لیٚ بیێت**

سەرەتا بەناوی خۆمو گشت هاورێیانی مەکتەبی سیاسیو سکرتیری کۆمیتەی مەرکەزی ریبوار ئەحمەدەوە، هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان دەخوازم. ئەمڕۆ هەلومەرجی سیاسی جیهانو ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستو نیوخۆیی ئیران بە شەرایتێکی هیجگار هەستیاردا تێپەردەبێت. جیهانی ئەمڕۆ، جیهانی دوای شکستی سیاسەتو ئیستراتیژیەتی ئەمەریکایە لەعیراقدا، هەلومەرجیك کە جمهوری ئیسلامی ئیرانو گشت ڕەوتە کانی ئیسلامی سیاسیە، هیزو توانایان زیاتر گرتوە. ئیمە ئەمڕۆ لەناوچەیەکدا هەلسورانی سیاسیو کاری حزبی دەکەین کە دوژمنە چینایەتیکانمان، جگە لەتیرۆرو کوشتنی بەکۆمەل هیچ پرنسیپو شیوەیەکی دیکەیان نیە بۆ فەرزکردنی هیزی سیاسی خۆیان.

جمهوری ئیسلامی ئیران ئەمرۆ کە وەکو "سەرکەوتویەك" لە بەرانبەر فەشەلی ئەمەریکا لە عێراقدا هاتۆتە دەرەوە، چنگی خویناویو کۆنەپەرستانەی خۆی لەناوچەکە گیر کردوە. لە عێراقدا دەسەلاتی یەکەم جمهوری ئیسلامیە، لە لوبنانو فەلەستیندا جیگا پێیەکی بەرچاوو بەهیزی هەیە، خەریکە ددانی ئەتۆمی پەیدا دەکات.  ئەمەریکا لەبەرانبەریدا تاڕادەیەکی زۆر دەستە وەستان ماوەتەوە. لەم نێوەدا جەنگو لێدانی ئیران دیسان مەترح دەبیتەوە بۆی. دەبیت خۆمان بۆ ئەم احتمالەش ئامادەبکەین. بەلام فەشەلی ئەمەریکا بۆ ئیمە چ لە ئاستیجیهانیدا وە چ لە نیوخۆی ئێرانو عیراقدا ئالوگۆرو دەروازەیەکی سیاسی تازەی کردۆتەوە. ڕەوتی سەرنگونی جمهوری ئیسلامی ئیرانو نارەزایەتی خەلك لە ئیراندا، هەلومەرجیکی نویٚی هیناوەتە ئاراوە، هەلومەرجی ڕەوینەوەی خۆشباوەری بە ئەمەریکاو"دیموکراتیەکەی" بەتایبەت کە نمونەی عیراق بەرچاوە، هەلومەرجی فەشەلو بن بەستو ئاسۆی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی بە شیوە جیاوازەکانیانەوە.

بەکورتی هەلومەرجیکی هیناوەتە ئاراوە کە خەلکی ئیران و بزوتنەوەی کریکارییەکەی بخاتە بەردەم بیرکرنەوەیەکی جدییەوە، ئەویش ئەوەیە کە خۆیان بەتەنهان، نە ئەمەریکا وە نە ئۆپۆزیسیونی بورژوزای دەردی ئەوان دەرمان ناکات، هەروەك چۆن بزوتنەوەی 2ی خورداد دەردی دەرمان نەکردنو بن بەست بوو. ئایا حزبی ئیمە لەئیران  وە لەم کۆنگرەیە بڕیاری خستنی ئەم حکومەتە هارە کۆنەپەرستەی سەرمایە دەدات؟! ئایا دەچیتە ریزی پێشەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەلكو وەك رابەرو ریکخەرو هیداتکەری ئەم بزوتنەوە فراوانە دیتە دەرەوەو خەلك بە حزبی خۆی دەزانیت یان دەیکاتە حزبی خۆی؟!   ئەو کارەی کە پیویستە ئەم کۆنگرەیە پیٚی هەستیٚت ئەوەیە. ئایا نەخشەی روخاندنی جمهوری ئیسلامی لەسەرپایەی هاوفکریو ئیسنجامو هاودلی سیاسیو یەك پراتیكو یەك ئیرادە دەخاتە دەستوری کاری خۆیەوە سەرەرای بونی هەر خیلافو بوچونیکی جیاواز. سەرکەوتنی کۆنگرەکەمان لە گرەوەی ئەم خالەدایە.

## هاوڕیانی خۆشەویست

جێخستنی حزبمان لە ئیران وەك حزبێکی قودرەتمەندو بەتوانا، وەك حزبیك کە هەنگاو بەهەنگاو دەیەوێت لە دەسەلات نزیك بێتەوە.... بەکورتی بونمان بەحزبیکی سیاسی لە گرەوی داتەکاندنی تەواوی سوننەتو فەرهەنگو شیوەکارێکە کە کۆمۆنیزم 80 سال زیاتر گیرۆدەیە بەدەستیەوەیی. بۆ تەجاوزکردنی یەکێك لە هەرە سوننەتە ناکۆمەلایەتیەکانی نیو چەپ،   قبولکردنی بوچونی جیاوازو لە نیوحزبدا هەنگاویکمان ناوە. من باسی نمونەی حزبی عیراق دەکەم، لەماوەی رابوردوداو دروست لە مانگی نیسانی ئەمسالەوە واتە لە6 مانگ لەمەوبەرەوە لە نیو رابەری حزبی ئیمەدا بوچونی جیاوازو تارادەیەك توند لە پەیوەند بە کێشەی نیو اتحاد المجالس دەرکەوت. ئیمە وەك رابەری حزب، جەمعیك لە مەکتەب سیاسیو سکرتیری کۆمیتە مەرکەزی توانیمان

سەرکەوتوانە لەنیو ئەم تەجروبەیەدا بژین‌و تا ڕادەیەك به سەریدا زاڵ بین. بەلام ئەم حالەتەش تا ئێستا نەبۆتە سوننەتیکی جیکەوتە کە ئینسان بتوانیت بە خەیای راحەتەوە بلی تەجاوزمان کردوە. هەمیشە شەبەحی انشقاق دڵەڕاوکێیەکە. ئەم سوننتە دەبیت تێك بشکێت‌و فڕی بدرێت. بەلام هێشتا ئەوە خالی یەکەمە.

باسەکە ئەوەیە بیروڕای جیاوازو مانەوە لەحزبداو بونی بەسوننەتێکی سیاسی بۆ بەرەوپیش بردنی حزب‌و نزیکردنەوەی لەدەروازەی قودرەت‌و دواجار لە زوترین فرسەتدا بۆ گرتنە دەستی دەسەلات. کەواتە چۆن حزبیەتی مەنصوری حیکمەت جیبەجێ بکەین، چۆن " من یەعنی حزب وەحزب یەعنی من" بە پراتیك دەربهێنین. چون بەحزبیکی بیرورا جیاوازو یەك پراتیکو یەك ئیرادە هەنگاو بنێین، روەو پێشەوە، وەحزب لە ئاستی کۆمەلایەتیدا یەکپارچەو توندو تۆل نیشان بدەین. ئەوە سوننەتی ئەحزابی سیاسیە. حزبی لێبەری بەریتانیاو خیلافاتەکانی نیوی سەبارەت بە جەنگ‌و مانەوە لەعیراق، خیلافاتی نیو حزبی جمهوری ئەمەریکا لەسەرهەمان مەسائل، خیلافاتی نیو یەکیتی نیشتمانی کوردستان‌و کتلەکانی نیوی.. کەوایە کۆمۆنیزم چ نەقصیکی سروشتی هەیە تاکو نەتوانیت هەڵ بکات لەگەل بۆچونی جیاوازو لەهەمانکاتدا یەك پراتیك‌و یەك ئیرادە هەنگاو ونەخشەی سەرکەوتن بریژیت؟! واتە هەم بۆچونی جیاواز هەم کارکردن وەك دەزاگایەکی حزبی بە ئصول‌و یاساو دیسپلینەکانی خۆیەوە.

ئەم کۆنگرەیە پیویستە وەلامیکی جدی وە نەگەرانەوە بداتەوە بەم مەسەلەیە کە پیم وابیت مەسەلەیەکی پراتیکیە پیش ئەوەی تیوری بیت. هیوام ئەوەیە کە کۆنگرە ئەم پیش مەرجە بۆ بینا کردنی حزبی سیاسی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە تێپەرینێت، تەوەقع لە ئیوە لە وە کەمتر نیە. دووهەمین کۆنگرەی حزبی حیکمەتی دەبیت بۆ هەتا هەتایە ئەو تێزە بە درۆبخاتەوە کە" کۆمۆنیستەکان ناتوانن یەکگرتووبن" کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر زەینی خەلك‌و بەشی پێشرەوی بزوتنەووەی کریکاری داناوە. ئەم کۆنگرەیە دەبیت فڕیدانی ئەو تیزە بێت، بەشیوەیەکی عەمەلی مەلموس. دەبیت رزگار کردنی کۆمەلگاو بزوتنەوەی کریکاری بیت لەو سوننەتانەی کە ریگربون لە بەردەم قبولکردنی حیکمەتیەکان‌و حزبەکەیاندا.

## هاوریانی ئازیز!

هەروەك لەسەرەوە ئیشارەتم پێدا، جیهانی ئەمڕۆ، جیهانی فەشەل‌و شکستی ئەمەریکایە، جیهانی دەرکەوتنی بلۆك‌و زلهیزی تازەیە. ئیمەش وەکوو دوو حزبی یەك بزوتنەوە لە یەك ناوچەداو لە نێو دوو ولاتی دراوسێدا وجودمان هەیەو فەعالیەت دەکەین. بەلام یەك بزوتنەوەیی‌و یەك چارەنوسی‌و یەك رەوتی حزبی هێشتا بۆ پیناسەی ئەم دوو حزبە کەمە، هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە، بونی ئەمەریکا لەعیراق‌و نفوزو دەسەلاتی فراوان‌و بەهیزی جمهوری ئیسلامی لەعیراق، هەرەشەی ئەمەریکا بۆ لیدانی ئیران، دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی بە شیوەو بەرگە جیاوازەکانیەوە لە ئیران‌و عیراق، فەشەلی ئیسلامی سیاسی شیعی بۆ بیناکردنی دەولەت لەعیراق، ئیعترازی خەلك لە ئیران بە جمهوری ئیسلامی‌و دەولەتەکەی، بی ئاسۆی سیاسی ناسیونالیزمی کورد لەهەردوولا، چونیەتی شکانەوەی فەشەلی ئەمەریکا بەسەریانەوە بەشیوەی جیاواز، شەق بونی ئیسلامی سیاسی شیعی لە عیراق... هتد پاشان بونی کۆسپو گری‌و گۆلی هاوبەشی نیوان هەردووحزب‌و رابەرییەکەی لەئاستی جیاوازو بەنسیبەتی جیاواز، بونی تەشکیلاتیکی پانو پۆر لە دەرەوە.... هەموو ئەمانە زەرورەتیك دەخاتە سەر شانی هەردوولامان،ئەویش تیپەراندنی حالەتی ئێستای پەیوەندی نیوان هەردوو حزبە. پەیوەندییەك کە کە تا ئیستا ماناو مەوزاینی سیاسی ووعەمەلی ومیکانیزمەکانی دیار نییەو پیناسەی خۆی وەرنەگرتوە، کە پیوستە لەمبارەشەوە کۆنگرە یان کۆمیتە مەرکەزی هەلبژیردراو بریارو بەلگەنامەی خۆی بهینێتە دەرەوە. پەیوەندییەك کە بەردەوام‌و ریکخراو سیستماتیك بچیتە پێشەوە، لە گشت مەسائیلە چارەنوسسازە سیاسی‌وو حزبیەکان بکۆلیتەوەو پشنیارو مشۆرەت بخاتە بەردەست رابەری هەردوو حزب.

لەکۆتاییدا ئەوە بلێم کە ئەم کۆنگرەیەمان کۆنگرەیەکی گرینگە بۆ هەردوولامان. ڕوخانی جمهوری ئیسلامی بەبروای من کوتان‌و لاوازکردنی گشت ڕەوتی ئیسلامی سیاسی یەو بەتایبەت ئیسلامی سیاسی شیعیە لەناوچەکەداو لە عیراقیش بونی حزبی عیراق بە حزبیکی قودرەتمەند، بەمانای لاوازی ئیسلامی سیاسی و هیزە بن دەستەکانی جمهوری ئیسلامی ئیرانە لەعیراق.... هەر بۆیە زیادە رۆیی نیە ئەگەر بلێم بزوتنەوەی نارەزایەتی خەلکی ئیران‌و بەشی پیشرەوی بزوتنەوەی کریکاری‌و هەموو ئەو چەپانەش کە سوننەتی چەپی تەقلیدی پەرتەوازەی کردون چاوەڕی‌ی بریارو نەخشەکانی ئەم هۆڵەن بۆ سەرکەوتن. ریگای ترمان لەپێش نیە جگە لە بریاریکی سیاسی مەتین بە مەتینی مارکس‌و مەنصوری حیکمەت، ڕوەو پێشەوە بۆ بینای

حزبیکی قودەرتەمەندی کە هەمیشە هەولدەدات فرسەت دروست بکات بۆ گرتنی دەسەلات‌و رزگارکردنی کۆمەلگا لە جەهەنەمی سەرمایەو ئیسلامی سیاسی لە ئیران. رێگای دیکە نیە، جگە لە هەنگاونانمان بۆ پێشەوە. جاریکی دیکە هیوای سەرکەوتنتان دەخوازم. بۆ پیشەوە بەرەو سەرکەوتن‌و بنیات نانی کۆمەلگایەکی سوشیالستی.